





**Apr - May** **٢٧٢٥** **بانەمەڕ**

| هەینی | پێنج شەممە | چوار شەممە | سێ شەممە | دوو شەممە | یەک شەممە | شەممە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٥ 25 | ٤ 24 | ٣ 23 | ٢ 22 | ١ 21 | | |
| ١٢ 2 | ١١ May 1 | ١٠ 30 | ٩ 29 | ٨ 28 | ٧ 27 | ٦ 26 |
| ١٩ 9 | ١٨ 8 | ١٧ 7 | ١٦ 6 | ١٥ 5 | ١٤ 4 | ١٣ 3 |
| ٢٦ 16 | ٢٥ 15 | ٢٤ 14 | ٢٣ 13 | ٢٢ 12 | ٢١ 11 | ٢٠ 10 |
| | | ٣١ 21 | ٣٠ 20 | ٢٩ 19 | ٢٨ 18 | ٢٧ 17 |
| ڕەحمان نەقشی | | | | | | |

سەرچاوە
Serchawe

## بەشێک لە ڕووداوە کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە مانگی

## بانەمەڕ: ٢٧٢٥ = ئەپریل – مای ٢٠٢٥

---

### بانەمەڕ

١- ٢ی بانەمەڕی ١٣٩٩ی هەتاوی = بە ٢١ی ئەپریلی ٢٠٢٠ی زایینی؛ ماڵئاوایی **یای کوبرا عەزیمی**، ماموستا و چالاکی کۆمەڵایەتی و ژنان لە سەردەمی کۆماری کوردستان لە شاری مهاباد، لە تەمەنی ٩٤ ساڵیدا. لە ستوکهۆڵمی پێتەختی سوئێد،

٢- ٤ی بانەمەڕی ١٣٧٣ی هەتاوی = ٢٤ی ئەپریلی ١٩٩٤ی زایینی؛ ماڵئاوایی **حاجی مامۆستا مەلا زاهیدی پاوەیی** لەتەمەنی ٨٨ ساڵیدا دڵی لە لێدان کەوت و سەربەرزانە لە گەڵ و نیشتمانەکەی کرد و لە نێو ئاپوڕای حەشیمەتێکی کەمونێنە لە شاری پاوە بەخاک سپێردرا.

٣- ٩ی بانەمەڕی ١٣٦٥ی هەتاوی = ٢٩ی ئەپریلی ١٩٨٥ی زایینی؛ شەهید بوونی **قاسم محەممەدپوور(باقی)** جێگری فەرماندەری هێزی بەیان، بەهۆی شەری نێوخۆیی لە گەڵ (کۆمەڵە) باغڵووجە.

٤- ١١ی بانەمەڕی ١٤٠٣ی هەتاوی = ٣٠ی ئەپریلی ٢٠٢٤ی زایینی؛ کۆچی دوایی **"کەریم پوور قوباد"** کادری لێوەشاوە و فەرماندەری بەوەجی پێشووی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران خەڵکی شاری سنە لە تەمەنی ٧٨ ساڵیدا لە شاری ستۆکۆڵم پێتەختی وڵاتی سوئێد.

٥- ١٢ی بانەمەڕی ١٣٤٧ی هەتاوی = ٢ی مای ١٩٦٨ی زایینی؛ شەهید بوونی **سمایل شەریف زادە** تێکۆشەرو چالاکوانی سیاسی حیزبی دێموکرات و هەڤالانی لە نزیک گوندی "دارێنە" لە ناوچەی بانە بەهۆی گەمارۆی هێزی ژاندرامە و جاشەکانی ڕێژیمی حەمە ڕەزا شا.



سەرچاوە
Serchawe

٦- ١٥ی بـانەمەڕی ١٤٠٠ی هەتـاوی = ٥ی مـای ٢٠٢١ی زایینـی؛ ماڵئـاوایی مسـتەفا حەکـیمزادە پێشـمەرگەی فیـداکار و خەباتکـارێکی جێگـای متمـانە و بـاوەڕپێکراوی حیزبـی دێمـوکراتی کوردسـتان. پـاش مـاوەیەکی زۆر بەربەرەکـانی لە گەڵ نەخۆشییەکی سەخت لە کۆڕی هاوسەنگەران و تێکۆشەرانی دێموکرات کرد.

٧- ١٥ی بـانەمەڕی ١٣٨٧ی هەتـاوی = ٤ی مـای ٢٠٠٨ی زایینـی؛ کـۆچی دوایـی ئێـرەج عەنـدەلیبی، هونەرمەنـدی مۆسیقا و گۆرانی لە بنەماڵەیەکی موسیقا دۆست و ناوداری شاری سنەیە و زیاتر لە شیعرەکانی شاعیرانی وەک؛ وەفا، گۆران، دڵـدار، هێمن و قانع کەلکی وەرگرتوو لە شاری هەمەدان.

٨- ١٧ی بانەمەڕی ١٣٩٥ی هەتاوی = ٦ی مای ٢٠١٦ی زایینی؛ ماڵئاوایی سەید ڕەزای دروودگەر کادری بەووەج، ئەنـدامی پێشووی ڕێبەریی حیزبی دێموکرات، لە شاری بێرگن لە وڵاتی نۆرویژ.

٩- ١٧ی بـانەمەڕی ١٣٨٨ی هەتـاوی = ٧ی مـای ٢٠٠٩ی زایینـی؛ ماڵئـاوایی جەعفەر زەمانی چـالاکوانی سیاسی و ئەنـدامی ڕێبەری حیزبی دیموکراتی کوردستان بەهۆی نەخۆشی لە شاری رانیە - باشووری کوردستان.

١٠- ١٩ی بانەمەڕی ١٣٦٤ی هەتاوی = ٨ی مای ١٩٨٥ی زایینی؛ شەهید بوونی تەها ڕۆحی (تەها سوور) یەکێک لە فەرماندە هەرە ئازای سازمانی خەبات لە بەرگری لە نیشتمان بە دەستی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران.

١١- ١٩ی بانەمەڕی ١٣٧٠ی هەتاوی = ٩ی مای ١٩٩١ی زایینی؛ ماڵئاوایی دوکتور ڕەحیم قازی پێشمەرگەی سەردمی کۆمـاری کوردسـتان، نووسـەر و تێکۆشـەرو چـالاکوانی سیاسـی و ئەنـدامی پێشـووی ڕێـبەری حیزبـی دێمـوکرات لە بـاکۆ پێتەختـی ئازەربایجان.

١٢- ١٩ی بانەمەڕی ١٣٣٠ی هەتاوی = ٩ی مای ١٩٥١ی زایینی؛ ماڵئاوایی ڕەشید یاسمی، نووسـەر و ئەدیبـی کـوردی خەڵکـی شاری گەهوارە سەر بە ناوچە دالاهۆ لە پارێزگای کرماشان، لە شاری تاران.

١٣- ٢١ی بـانەمەڕی ١٤٠٠ی هەتـاوی = ١١ی مـای ٢٠٢١ی زایینـی؛ "ئارمینا سادقی" کچە وەرزشوانێکی خەڵـکی شـاری ئـیلام بەناویلە کێبەرکێیەکانی "تیرهاوێژیی" لە وڵاتی کورواسی سەرکەوتنی بەدەست هێنا.

١٤- ٢٢ی بانەمەڕی ١٣٩٥ی هەتاوی = ١٢ی مای ٢٠١٦ی زایینی؛ کۆچی دوایی ڕەحمان ڕەحیمی ناسراو بە (سەروان



سەرچاوە
Serchawe

چەکۆ)، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە نەخۆشییەکی کتوپڕ. لە گۆڕستانی شەهیدانی دێموکرات لە شاری کۆیەی باشووری کوردستانی بە خاکی پیرۆزی نیشتمان ئەسپێردرا.

١٥- ٢٤ی بانەمەڕی ١٣٩٩ی هەتاوی، = ١٣ی مای ٢٠٢٠ی زایینی، ماڵئاوایی خاڵە کەریم ساڵحی، ناسراو بە کەریم سووتاو، فەرماندەی بەوەج و تێکۆشەری دێرینی ڕێزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە هۆی نەخۆشی لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی شاری ئوپسالای وڵاتی سوید لە گەڵ و نیشتمانەکەمان کرد.

١٦- ٢٥ی بانەمەڕی ١٣٤٧ی هەتاوی = ١٥ی مای ١٩٦٨ی زایینی؛ شەهید کردنی سولەیمان موعینی تێکۆشەرو چالاکوانی سیاسی و ئەندامی ڕێبەری کۆنگرەی ٢ی حیزبی دێموکرات، بە دەست سەرکردایەتی شۆرشی کوردستانی عێراق لە دیلمان باشووری کوردستان و ڕادەست کردنی تەرمەکەی بە ڕێژیمی پاشایەتی ئێران.

١٧- ٢٦ی بانەمەڕی ١٤٠٠ی هەتاوی = ١٦ی مای ٢٠٢١ی زایینی؛ کۆچی دوایی دایە گوڵخاتر کاکاڵە، دایکی یای "خەج مەعزووری" کادری لەمێژینە و ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان پاش ماوەیەک بەربەرەکانی لەگەڵ نەخۆشییەکی سەخت دڵە گەورە و پڕ لە هیواکەی لە لێدان کەوت.

١٨- ٢٧ی بانەمەڕی ١٣٩٩ی هەتاوی = ١٦ی مای ٢٠٢٠ی زایینی؛ کۆچی دوایی "ڕەحیم بەدەوی" کەسایەتیی دیاری بواری ژینگەپارێزی دوای چەند ساڵ بەربەرەکانی لەگەڵ نەخۆشی شێرپەنجە.

١٩- ٢٨ی بانەمەڕی ١٤٠٠ی هەتاوی = ١٨ی مای ٢٠٢١ی زایینی؛ حاجی قادر ڕۆستەمی، پێشمەرگەی فیداکاری سەردەمی کۆماری کوردستان بەهۆی نەخۆشییەوە لە شاری شنۆ، دڵە پڕ لە هیواکەی لە لێدان کەوت.

٢٠- ٢٨ی بانەمەڕی ١٣٦٣ی هەتاوی = ١٨ی مای ١٩٨٤ی زایینی؛ شەهید بوونی عەبدوڵڵا بەهرامی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی شەشەمی حیزبی دێموکرات، ئەندامی ناوەندی ئاژوان بۆ بەڕێوەبردنی ئەرکە پێ ئەسپێردراوەکانی لە جنووبی کوردستان لە گوندی "نەرگەسەڵە"ی دیواندەرە.

٢١- ٢٨ی بانەمەڕی ١٣٤٦ی هەتاوی = ١٨ی مای ١٩٦٧ی زایینی؛ شەهید بوون. نحۆ پاشایی ناسراو بە "باپیر شکاک"، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستان هەڵبژێردراوی کۆنگرەی دووهەم، لە گەڵ چوار پێشمەرگەی دیکە بە ناوکانی مەلا ئیسماعیل، ڕەزا، فەوزی و ناجی لە لەخڕەعەجەم ناوچەی سەڵماس.

٢٢- ٢٩ی بانەمەڕی ١٣٩٧ی هەتاوی = ١٩ی مای ٢٠١٨ی زایینی؛ کۆچی دوایی عیزەتوڵڵا فەرەجی، ناسراو بە حوسێن فەرەجی، هونەرمەندی گۆرانیبێژی لوڕستان کە بەرهەمەکانی نەوایەکی دڵڕفین بوون بۆ زاگروسنشینەکان، لە تەمەنی ٦٨ ساڵیدا، دڵی لە لێدان کەوت.

٢٣- ٣٠ی بانەمەڕی ١٤٠٢ی هەتاوی = ٢٠ی مای ٢٠٢٣ی زایینی؛ ئاکۆ جەلیلیان فەرهەنگنووس و چیرۆکنووس و ڕۆماننووسی بلیمەتی کوردی کرماشانی لە هۆڵی تەلاری هونەر لە شاری سلێمانی، لە ڕێوڕەسمێکی گەورەدا، خەڵاتی زێڕینی "بلە" بۆ ساڵی ٢٠٢٣، بە ٩ کەسایەتیی کوردی دیکە پێبەخشرا.

٢٤- ٣١ی بانەمەڕی ١٣٩٥ی هەتاوی = ٢٠ی مای ٢٠١٦ی زایینی؛ کۆچی دوایی عەباس کەمەندی گەورە هونەرمەندی بەناوبانگی کورد کە بە مامۆستای "حەوت هونەر" پاش ٦٢ ساڵ تەمەن و خزمەتێکی زۆری هونەری گۆرانی و مۆسیقای کوردی، سینەما و شیعر، لە بەهۆی راوەستانی دڵ نەخۆشخانەی شاری "تەوحید"ی شاری سنە کرد.

٢٥- ٣١ی بانەمەڕی ١٣٧١ی هەتاوی = ٢١ی مای ١٩٩٢ی زایینی؛ تیرۆری شەهید شاپوور فیرۆزی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی نوهەمی ڕێبەرایەتی شۆڕشگێر لە کاتێکدا لە شوێنی پشوودانی خۆی خەریکی دارشتنی بیرەوەرییەکانی بوو، لە لایەن کەسێکەوە تەقەی لێ دەکرێ‌و شەهید دەکرێ. لە شاری رانیە.

٢٦- ٣١ی بانەمەڕی ١٣٨٨ی هەتاوی = ٢١ی مای ٢٠٠٩ی زایینی؛ کۆچی دوایی قادر عەبدوڵڵازادە(قالەمەڕە) هونەرمەندی میللی و شمشاڵ ژەنی ناوداری کوردستان و ئێران و جیهان، هونەرمەندی موزیک و بەیت و حەیران و لاوک و گۆرانی و مەقاماتی رەسەن و فۆلکلۆری کوردستان لە تەمەنی ٨٤ ساڵیدا بە هۆی نەخۆشییەکی درێژخایەن لە ماڵی خۆی لە شەقامی مامۆستا هێمن بە پێی وەسێتی خۆی لە داوێنی ناڵەشکێنە لە پەنای گۆڕی هونەرمەندی مەزن حەسەن زیرەک بە داوێنی دایکی نیشتمان سپێردرا.

---

کۆکردنەوەو ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

بانەمەڕی ٢٧٢٥ی کوردی = ئەپریلی ٢٠٢٥ی زایینی

---



سەرچاوە
Serchawe